# پەڵەی پاییز

نووسینی: مامەند جەهان میهەن

خۆری خەواڵووی پاییز، کز و بێ واز و سەرمابردوو، وەک کوندەبوو لە سووچێکی کەلەکە هەڵکورمابوو، جارجار تیشکی ڕۆژ بۆ ئەوەی لە دواڕۆژ ڕووزەردی ڕەزەوان نەبێت، بەناز و کریشمە چەند چرکەیەک خۆی ڕادەنا و تیشکی زێڕینی نیشان دەدا ،کەچی لە چاوترووکانێکدا زیز دەبۆوە و سەر لە نوێ دەتۆرا و خۆی لە پاڵ کەژەکەدا حاشار دەداوە.

ئەم ڕۆژانە زۆر زوو تێپەڕی و خەزەڵوەر بەرەو سەرماوەز خزی و جۆگەئاو بەستی و سیخوار وەک جاوی سپی زەوی داپۆشی و ڕەشەبا هەڵیکرد و ڕەنگ و ڕووی هەموو سرشتی گۆڕی و دیسان زستان هاتەوە و سارد و سەرما بەردەرکی پێگرتین.

سەر لە ئێوارە کە بە تیرەشانێکدا بەرەو شیوەکە شۆڕ بووینەوە، شڵێوەی دەکرد، بەڵام هەر کە بە ڕووکاری ئاواییدا کەوتین لێی کردەوە و زریان هەڵیکرد و تووڵەڕێیەکانی کزر کردەوە.

گوند لەسەر گردێکی هەڵتۆقیو هەڵکەوتبوو، هەر کە دەنگی سەگوەڕ بڵیند بوو، چەند کەس بەپیرمانەوە هاتن و سەگەکانیان لێدەرکردین، دیار بوو سۆسەیەکیان کردبوو و ئاگادار بوون کە ئێمە بەرەو ئەم گوندە بەڕێوە بووین.

ئەو شەوە من وەبەر ماڵێک کەوتم کە بە تەنیا لەو سەری ئاوایی

هەڵکەوتبوو، لە یەکەم نیگادا لام وابوو بەسەر پرسە دا کەوتووم، گەورە و بچووکیان بەچاوی پڕ لە گریان بەخێریان هێنام و منیان بۆ دەوری ئاگری تەندوور ڕەوانە کرد.

من کە بۆ حەسانەوە لە پەسیوێکی بێ مەترسی دەگەڕام، گومان چەتری لەسەر هەڵدام و وەک کرم لە گیانم بەربوو و تینی بۆ هێنام و هانی دام بوێرم و بپرسم کە چی ڕوویداوە؟

لە وڵامدا کوتیان کە گوێرەکەیەکی ساوایان ئەمڕۆ مردار بۆتەوە.

من تاوێک لێ یان ڕامام و بە وردی سرنجم دان بەڵام ئیتر تێمام و هیچم پێنەما پێیان بێژم.

کۆرپەیەکی خرپن لە لانکدا خەریکی گڕوگاڵ بوو، جگە لە دەسرازەی ڕەنگاوڕەنگ لە چەند لاوە مووروو و زەنگیانە و زەنگوڵە و گوڵینگە و کووژەکەی چاو و زاری پێوە هەڵواسرابوو. دایک لەگەڵ ڕاژاندنی بێشکە بە لۆی دەسماڵەکەی باوباوێنی فێری منداڵەکەی دەکرد، بەڵام کۆرپە کە فرمێسکی دایکی دەبینی ئەویش دەگریا و گومانی لە ڕاستیی کایەی ئەم ڕۆژە دەکرد.

ئەو شەوە با هەدای نەدا و بە هاژ و هووژ بە نێوان پەلکی جەگەن و قامیش و سێسووی لێوەسوانە و بنی میچدا خۆی بە دیوی ژووردا دەکرد.

تاوێک چاوەڕێ ماین بەڵکوو بایەکەی بخات بەلام زۆری درێژە کێشا، ژنی خانەخوێ چیتر خۆی بۆ ڕاگیر نەکرا و هەستا و

سندەگڵێکی لە قوڕ و چڵپاوی بەر دەرگا وەردا و لۆچێک کای پێدا کرد و شێلای و لوولی دا و چەند تۆپەقوڕی لە دیوی دەرەوە پێدا کێشا، ئیتر ئەوجار کونبڕ بوو و گژەبا دەنگی نەما و هەست و خوستی لێبڕا.

لەمێژ بوو دژوێن بووم و لەوەتی گەلاوێژ ئەنگووتبوو خۆم نەشۆردبوو، ئەو ماوەیەش تەنیا لەناو کۆخ و کەوێڵ و کاولەدێیاندا خەوتبووم، خانەخوێ ئەو شەوە ئاگای لێبوو کە من تا بەربەیان خۆم هەڵکراند و خەوم بەچاودا نەهات.

بۆ بەیانی تەندووریان داخست و جلەکانمیان تێوەشاند، ئەوجار لە سەر شۆرکەی ماڵ ژن بە مەسینە ئاوی پێداکردم و کابرا کیسەی لێدام، هەر دوانیان لەبەر یەکیان دەگێڕایەوە و دەیانبۆڵاند کە من کوا بۆ ئەم کێو و دۆڵ و گوندە وێلە دەبم و دەبووایە لە لای کەس و کاری خۆم بوام.

چاوم لێبوو ژنەکە مانگای دەدۆشی، چەرمی گوێلکەکەیان هەڵدرووبوو و بە کا و گزرە ئاخنی بوو و لە پێش مانگاکەیان ڕاگرتبوو، مانگاکەش وەک نەیزانیبێت چی ڕوویداوە لە سەرەخۆ سەر و گوێی دەلێستەوە.

کیژی گەورەی ماڵ دەستێک پووزەوانەی نیشاندام کە خۆی چنیبووی و داوای لێکردم کە لێی بکڕم. پووزەوانەکەم لێوەرگرت و دەستم بۆ باخەڵم برد و ئەوەی پێمبوو لە مستم کرد. هەر چەند کوتی ئەوە زۆرە لێم وەرنەگرتەوە.

دواتر باوکی هات و پوولەکەی هێنایەوە،دەستیم گرت و پیم کوت: من بەدووری دەزانم تازە تا بەهار ڕیگام لە هیج دووکان و بازارێک بکەوێت، ئەگەر هات و ڕێکەوت من دیسان پەکم ناکەوێت. ئەو پارەیەش دۆستێکی دڵسۆز لە شارەوە بۆی ناردووم، بۆ من تەنیا ڕێدەگرێت بەڵام ڕەنگە بەم زستانە کون و کەلەبەرێک بۆ تۆ بگریت.

کابرا هەناسەیەکی هەڵکێشا و کوتی: شەو کە هاتی بۆ ماڵمان و ژن و منداڵ بە تێگرا بۆ گوێرەکەکە دەگریان، چاوم لێت بوو سەرت سورِ ما و لێمان تێنەدەگەیشتی، ئێمە ترسی ئەوەمان ڕێکەوتبوو کە تازە مانگا ویشک دەکا و هەڵدەچۆڕێ و سێ مانگی زستان بێ پێخۆر بمێنینەوە، بەڵام ئێستا دەزانم کە هەرگا دەرگایەکت لێگیرا، خوا بەلایەکی تردا دەلاقەیەکت بەڕوویدا دەکاتەوە.پەڵەی پاییز.خۆری خەواڵووی پاییز، کز و بێ واز و سەرمابردوو، وەک کوندەبوو لە سووچێکی کەلەکە هەڵکورمابوو، جارجار تیشکی ڕۆژ بۆ ئەوەی لە دوارِۆژ ڕووزەردی ڕەزەوان نەبێت، بەناز و کریشمە چەند چرکەیەک خۆی ڕادەنا و تیشکی زێرِینی نیشان دەدا ،کەچی لە چاوترووکانێکدا زیز دەبۆوە و سەر لە نوێ دەتۆرا و خۆی لە پاڵ کەژەکەدا حاشار دەداوە.

ئەم ڕۆژانە زۆر زوو تێپەڕی و خەزەڵوەر بەرەو سەرماوەز خزی و جۆگەئاو بەستی و سیخوار وەک جاوی سپی زەوی داپۆشی و ڕەشەبا هەڵیکرد و ڕەنگ و ڕووی هەموو سرشتی گۆڕی و

دیسان زستان هاتەوە و سارد و سەرما بەردەرکی پێگرتین.

سەر لە ئێوارە کە بە تیرەشانێکدا بەرەو شیوەکە شۆڕ بووینەوە، شڵێوەی دەکرد، بەڵام هەر کە بە ڕووکاری ئاواییدا کەوتین لێی کردەوە و زریان هەڵیکرد و تووولەڕێیەکانی کزر کردەوە.

گوند لەسەر گردێکی هەڵتۆقیو هەڵکەوتبوو، هەر کە دەنگی سەگوەڕ بڵیند بوو، چەند کەس بەپیرمانەوە هاتن و سەگەکانیان لێدەرکردین، دیار بوو سۆسەیەکیان کردبوو و ئاگادار بوون کە ئێمە بەرەو ئەم گوندە بەڕێوە بووین.

ئەو شەوە من وەبەر ماڵێک کەوتم کە بە تەنیا لەو سەری ئاوایی هەڵکەوتبوو، لە یەکەم نیگادا لام وابوو بەسەر پرسە دا کەوتووم، گەورە و بچووکیان بەچاوی پڕ لە گریان بەخێریان هێنام و منیان بۆ دەوری ئاگری تەندوور ڕەوانە کرد.

من کە بۆ حەسانەوە لە پەسیوێکی بێ مەترسی دەگەڕام، گومان چەتری لەسەر هەڵدام و وەک کرم لە گیانم بەربوو و تینی بۆ هێنام و هانی دام بوێرم و بپرسم کە چی ڕوویداوە؟

لە وڵامدا کوتیان کە گوێرەکەیەکی ساوایان ئەمڕۆ مردار بۆتەوە.

من تاوێک لێ یان ڕامام و بە وردی سرنجم دان بەڵام ئیتر تێمام و هیچم پێنەما پێیان بێژم.

کۆرپەیەکی خرپن لە لانکدا خەریکی گڕوگاڵ بوو، جگە لە دەسرازەی ڕەنگاوڕەنگ لە چەند لاوە مووروو و زەنگیانە و

زەنگوڵە و گوڵینگە و کووژەکەی چاو و زاری پێوە هەڵواسرابوو. دایک لەگەڵ ڕاژاندنی بێشکە بە لۆی دەسماڵەکەی باوباوێنی فێری منداڵەکەی دەکرد، بەڵام کۆرپە کە فرمێسکی دایکی دەبینی ئەویش دەگریا و گومانی لە ڕاستیی کایەی ئەم ڕۆژە دەکرد.

ئەو شەوە با هەدای نەدا و بە هاژ و هووژ بە نێوان پەلکی جەگەن و قامیش و سێسووی لێوەسوانە و بنی میچدا خۆی بە دیوی ژووردا دەکرد.

تاوێک چاوەڕێ ماین بەڵکوو بایەکەی بخات بەلام زۆری درێژە کێشا، ژنی خانەخوێ چیتر خۆی بۆ ڕاگیر نەکرا و هەستا و سندەگڵێکی لە قوڕ و چڵپاوی بەر دەرگا وەردا و لۆچێک کای پێدا کرد و شێلای و لوولی دا و چەند تۆپەقوڕی لە دیوی دەرەوە پێدا کێشا، ئیتر ئەوجار کونبڕ بوو  و گژەبا دەنگی نەما و هەست و خوستی لێبڕا.

لەمێژ بوو دژوێن بووم و لەوەتی گەلاوێژ ئەنگووتبوو خۆم نەشۆردبوو، ئەو ماوەیەش تەنیا لەناو  کۆخ و کەوێڵ و کاولەدێیاندا خەوتبووم، خانەخوێ ئەو شەوە ئاگای لێبوو کە من تا بەربەیان خۆم هەڵکراند و خەوم بەچاودا نەهات.

بۆ بەیانی تەندووریان داخست و جلەکانمیان تێوەشاند، ئەوجار لە سەر شۆرکەی ماڵ ژن بە مەسینە ئاوی پێداکردم و کابرا کیسەی لێدام، هەر دوانیان لەبەر یەکیان دەگێڕایەوە و دەیانبۆڵاند کە من کوا بۆ ئەم کێو و دۆڵ و گوندە وێلە دەبم و

دەبووایە لە لای کەس و کاری خۆم بوام.

چاوم لێبوو ژنەکە مانگای دەدۆشی، چەرمی گوێلکەکەیان هەڵدرووبوو و بە کا و گزرە ئاخنی بوو و لە پێش مانگاکەیان ڕاگرتبوو، مانگاکەش وەک نەیزانیبێت چی ڕوویداوە لە سەرەخۆ سەر و گوێی دەلێستەوە.

کیژی گەورەی ماڵ دەستێک پووزەوانەی نیشاندام کە خۆی چنیبووی و داوای لێکردم کە لێی بکڕم. پووزەوانەکەم لێوەرگرت و دەستم بۆ باخەڵم برد و ئەوەی پێمبوو لە مستم کرد. هەر چەند کوتی ئەوە زۆرە لێم وەرنەگرتەوە.

دواتر باوکی هات و پوولەکەی هێنایەوە،دەستیم گرت و پیم کوت: من بەدووری دەزانم تازە تا بەهار ڕیگام لە هیج دووکان و بازارێک بکەوێت، ئەگەر هات و ڕێکەوت من دیسان پەکم ناکەوێت. ئەو پارەیەش دۆستێکی دڵسۆز لە شارەوە بۆی ناردووم، بۆ من تەنیا ڕێدەگرێت بەڵام ڕەنگە بەم زستانە کون و کەلەبەرێک بۆ تۆ بگریت.

کابرا هەناسەیەکی هەڵکێشا و کوتی: شەو کە هاتی بۆ ماڵمان و ژن و منداڵ بە تێگرا بۆ گوێرەکەکە دەگریان، چاوم لێت بوو سەرت سوڕ ما و لێمان تێنەدەگەیشتی، ئێمە ترسی ئەوەمان ڕێکەوتبوو کە تازە مانگا ویشک دەکا و هەڵدەچۆڕێ و سێ مانگی زستان بێ پێخۆر بمێنینەوە، بەڵام ئێستا دەزانم کە هەرگا دەرگایەکت لێگیرا، خوا بەلایەکی تردا دەلاقەیەکت

بەڕوویدادەکاتەوە.